*Journal of Language Studies.* **Vol.7, No.4, 2023, Pages (161-180)**
**DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.4.8**

IRAQI Academic Scientific Journals
المجلات الأكاديمية العلمية العراقية

**ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)**
**Journal of Language Studies**
**Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about**

# A lexicon without an initial attempt towards an academic lexicon

**M. Salm Hassan aziz***
**Kurdish language, college of shrezur, University of Halabja, Kurdistan**
**salm.aziz@uoh.edu.iq**

**Received:** 12/ 9 /2023 , **Accepted:** 2 /10 /2023, **Online Published: 31 / 12 / 2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE
http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

Research Summary: This research is entitled (Khal Dictionary, a preliminary attempt towards an academic dictionary), in which I shed light on the foundations and characteristics of the Khal Dictionary, show the positive and negative aspects of the dictionary, and take into account the foundations of the academic dictionary in it. consists of the first research researchers dealing with the beginning of the attempt to place the dictionary and the deficiencies of the dictionary of the Kurdish language, and the second with the dictionary's characteristics, types and classification. The research found several results, the most important of which: One of the important characteristics of an khal's dictionary is that it first addressed the words of all dialects and explained them. This work is the basis for the dictionary that comes after them and can be used when setting up an academic dictionary .

**Keywords:** Khal's lexicon, language, people, academic lexicon**.**

* **Corresponding Author** : M.Salm Hassan**, Email:** salm.aziz@uoh.edu.iq
**Affiliation**: halabja University - Iraq

# (معجم  خال محاولة مبدئية نحو معجم أكاديمى)

**م. سالم حسن عزيز**
قسم اللغة الكردية, كلية التربية الشهرزوورو, جامعة الحلبجة , أقليم كردستان

**المستخلص**

هذا البحث بعنوان ( قاموس خال محاولة مبدئية نحو قاموس أكاديمي) حيث ألقي الضوء فيه على أسس وخصائص قاموس الخال وإظهار الجوانب الإيجابية والسلبية في القاموس ومراعات أسس القاموس الاكاديمي فيه. يتكون البحث من مبحثين المبحث الأول يتناول الباحث بداية محاولة وضع المعجم اللغوى و نواقص معجم اللغة الكوردية، وفى المبحث الثانى يتناول خصائص المعجم وأنواعه وكيفية تصنيفه. وقد توصل البحث إلى عدة نتائح أهمها: إحدى الخصائص المهمة لمعجم خال هى أنه تناول لأول مرة كلمات كل اللهجات وقام بشرحه، حيث تعد هذا العمل أساسا للمعاجم التى تأتى بعده ومن الممكن الاستفادة منه عند وضع المعجم الأكاديمى.

**<u>الكلمات الدالة</u>:** معجم خال، اللغة، القوم، المعجم الأكاديمى

## فەرهەنگی خاڵ هەنگاوێکی سەرەتا بەرەو فەرهەنگی ئەکادیمی

**سالم حەسەن عەزیز- مامۆستا**

**بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە ، هەرێمی کوردستان**

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (فەرهەنگی خاڵ هەنگاوێکی سەرەتا بەرەو فەرهەنگی ئەکادیمی)، کە تێیدا تیشک خراوەتە سەربنەماو تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی خاڵ و پیشاندانی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی فەرهەنگەکەو شێوازی ڕەچاوکردنی بنەمای فەرهەنگی ئەکادیمی تێیدا. ( توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: لەبەشی یەکەمدا توێژەر بەپێویستی زانی باسی سەرەتای فەرهەنگ دانان و کەموکورتی فەرهەنگی زمانی کوردی بکات، لە بەشی دووەمدا فەرهەنگ و جۆرو پۆلێنکردنی هەروەها بنەماو تایبەتمەندی فەرهەنگ خراوەتە ڕوو. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا ڕێبازی مێژویی و پەسنی و شیکاری بەکارهێناوە. توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، کە دیارترینیان یەکێک لە تایبەیمەندییە گرنگەکانی فەرهەنگی خاڵ ئەوەیە بۆ یەکەم جار، وشەی هەموو زارەکانی تێدا کۆکراوەتەوە و واتاکەی لێکدراوەتەوە، بووەتە بناغەیەک بۆ فەرهەنگەکانی دوای خۆیی و دەکرێت لە دانانی فەرهەنگی ئەکادیمیدا سودیی لێ وەربگیرێت.

کلیلە وشە: (فەرهەنگ، فەرهەنگی خاڵ ، زمان، نەتەوە، فەرهەنگی ئەکادیمی)

**پێشەکی:**

فەرهەنگی ئەکادیمی زمان بنەمای پێناسەی میللەتانە، میللەتی کورد گەرچی یەک لەو نەتەوە دێرینانەیە،کە لەو جوگرافیایەی ناوزەد دەکرێت بە کوردستان لەدێر زەمانەوە نیشتەجێیە ؛ بەڵام هەلومەرجە نێو خۆیی و دەرەکییەکان هیچ کات لەبار نەبوون بۆ گەیشتن بەئاواتی فەرهەنگی ئەکادیمی زمان، هەمیشە شەپۆلیان بەپێچەوانەی ئەو ئامانجە بووە، سەرباری هەموو ئەوانەش ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە نەسرەوتون و کۆششی فرەیان کردووە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بەڵام بێگومان فەرهەنگی ئەکادیمی خەرمانێکەو کۆششی زۆرو زەوەندەی پێویستە، هەرچەندە تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنس لە گەڵ زەبیحی لە فەرهەنگەکانیاندا کاری باشیان کردووە، بارتەقای ئەوە ئێمە هێشتا واین لە دامێنی ئەو ئاواتەدا، هەتا ئێستا چەند مەڵۆیەکمان جەم کردووە، بۆ گەیشتن بەو ئاسۆیە زمانی کوردی چاوی لە دەست و خامەی ڕۆڵەکانیەتی. ئەوەی مامۆستای خاڵ پێی هەستاوە و شەوو ڕۆژی سەر یەک ناوە هەزاران وشەی بەشێوە زارە جیاوازاکان لەبەرانبەر یەک ڕاناوە هەنگاوێکە بەرەو فەرهەنگی ئەکادیمی.

**١/٠)ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە،(فەرهەنگی خاڵ هەنگاوێکی سەرەتا بەرەو فەرهەنگی ئەکادیمی)،هەوڵێکە بەمەبەستی ناساندن و گرنگی فەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگی ئەکادیمی.

**٠/2) هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

توێژینەوە لەم بوارەدا، کە بابەتێکی گرنگی زمانە. لێکۆڵینەوەیە لە بەشێکی گرنگی زمانی کوردی کە فەرهەنگە، هەر لەم ڕوانگەیەوە پەرۆشیمان بۆ زمانی کوردی و لایەنی پاراستنی زمان، بە پێویستمانزانی بەشێوەیەکی زانستی وردبوونەوەیەک لەلایەنی فەرهەنگسازی (فەرهەنگی ئەکادیمی) لەزمانی کوردیدا بکەین,،وەک خزمەتێک بە زمانی کوردی و بەرهەمێکی نوێ بخەینە سەر لایەنی زمانەوانی کتێبخانەی کوردی.

**٠/3) ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کەبەشێوەیەکی زانستی و ورد دەستنیشانی گرنگترین بنەماکانی فەرهەنگی ئەکادیمی دیاری بکەین، باسی گرنگی دانانی فەرهەنگی خاڵ بکەین لەو سەردەمەدا بۆ پاراستنی وشەی زمانی کوردی.

**٠/4) کەرەستەی توێژینەوەکە:**

کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکە، بریتیە لەو سەرچاوە زانستیانەی،کە لە بواری فەرهەنگدا کاریان لەسەرکراوە و نوسراون، هەندێ جاریش پەنا بۆ ئەو سەرچاوەو نوسراوانەی ئێستا براوە،، ئێمە هەوڵماندواە کۆمەڵێک یاساو دەستووری گشتی لە بواری فەرهەنگی ئەکادیمیدا دیاری بکەین.

**5/0) ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی و هەندێک جار مێژوویمان کردووە.

**6/0) سنووری توێژینەوەکە**

سنوری ناوچەی توێژینەوەکە، فەرهەنگی خاڵ و ئەو کارانەی لە بواری کاری فەرهەنگنووسیندا کراون.

**7/0) گرفتی توێژینەوەکە:**

کەمی سەرچاوەی پێویست لەبواری فەرهەنگی ئەکادیمی، کار نەکردن لە بواری فەرهەنگدا لە زمانی کوردیدا پەیوەست بە ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و ئاستی واتا و پراگماتیک، ئەمەش وادەکات کە تا ئێستا فەرهەنگێکی ئەکادیمیمان نەبێت.

**8/0) ناوەڕۆکی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بە مێژووی فەرهەنگنووسین و کەموکورتی فەرهەنگی زمانی کوردی دراوە ،هەروەها باس لە فەرهەنگی خاڵ کراوە, لە بەشی دووەمدا باسی فەرهەنگ و جۆری فەرهەنگ و بنەماو تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی ئەکادیمیمان کراوە.

## ١) فەرهەنگنووسین:

## ١/١) مێژووی فەرهەنگنووسین:

لە باسی سەرەتای فەرهەنگنووسی لە جیهاندا، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ لای هیندییەکان، لەبەر ئەوەی ( لەسەدەی (٥-٦)ی زاینیدا،هیندییەکان یەکەم جار، فەرهەنگیان بۆ ئەو وشانە دانا کە لە (رێکوێدا)دا هەبوون و خەڵکی لێیان حاڵینەدەبوو. هۆکاری سەرەکی کە هاندەربوو بۆ هیندییەکان تا دەس بدەنە فەرهەنگنووسی (ئاینی ودینی)بووە، لەگەڵ ئەمانیشدا چینێکانیش دەستیان داوەتە فەرهەنگنووسی لە سەدەی دووەمی زاینیدا، فەرهەنگی زمانی چینی دانراوە. هەروەها لە سەدەی هەشتەمی زاینیدا، خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی، یەکەم فەرهەنگی بۆ زمانی عەرەبی داناوە و ناویشی ناوە (كتاب العين)، ئەو هۆکارەی وای لە عەرەبەکان کرد بیر لە فەرهەنگ دانان بکەنەوە، ئایین و دیین بوو هەر وەک ئەوانیش،کە ویستیان پارێزگاری خوێندنەوەو تێگەیشتنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزبکەن.) (صديق،فاروق عومەر: ٢٠١٢: ٢٣٨)، واتە سەرەتای سەرهەڵدانی فەرهەنگ لەم جیهانەدا سەرەتا لای نەتەوەی هیندییەکان سەری هەڵداوە. یەکەم فەرهەنگ نیکخانتە ڤاسی بووە، لە سەدەی (٥-٦) زاینیدا، هۆکاری سەرەکیش لەدانانی فەرهەنگەکە ئایین بووە. دوای هیندێکان، چینیەکان و پاشان عەرەبەکان دەستیان داوەتە فەرهەنگ دانان، هۆکاری سەرەکی لەدانانی فەرهەنگ لای عەرەبەکانیش بۆ پارێزگاری قورئانی پیرۆز بووە، کە نەفەوتێت. واتا نەتەوەکانی پێشوو هۆکاری ئایینی پاڵپێوەنان، کەپارێزگاری لە زمانەکەیان بکەن. کە بنەمایەکی گرنگە بۆ مانەوەی هەر نەتەوەیەک لەم ژیانەدا.

لەبەر ئەوەی کە هەموو گەلێک لەم گێتیەدا بە فەرهەنگەکەی دەپێورێت، هەر نەتەوەیەک بە هەر هۆکارێک لە هۆکارەکان فەرهەنگەکەی کۆکردبێتەوە لە بوارە جۆربە جۆرەکاندا کاری لەسەر کردبێت، لە هەرلایەنێکەوە کاری زۆرتری لەسەرکردبێت، ئەوا لەوبوارەدا لەپێش نەتەوەکانی ترەوە دەبێت. لەسەرەتای سەدەی یانزەیەم کتێبێک لە وشەی فارسی لە بەردەستی فەرهەنگنووسانی ئێران وهینددا بووە، کە وادیارەکتێبێکی بچووك بووە،کە ناوی نامەی (ئەبو

حەفس سەغدی)یان فەرهەنگی (ئەبو حەفسە)یان لێناوە. نووسەری ئەم کتێبە دیار نییە و ئەم فەرهەنگە گەواهیدەری شیعری هەیە کە بەداخەوە شوێنەوارێکی لەبەردەست نییە.

کۆنترین فەرهەنگی فارسی بەردەست, پشت ئەستوور بە گەواهی شیعری, فەرهەنگی نووسراوی (ئەبوو مەنسورعەلی کوری ئەحمەدی ئەسەدی توسی) بەناوبانگەو پاش گرشاست نامە, واتە پاش سالی 458ی کۆچی نووسیویەتی. ئەسەدی ئەم فەرهەنگەی زۆرتر بۆ بەکارهێنانی شاعیرو ئامادەو نوسیویەتی.لەم ڕووەوە ریزبەندوشەکان بەپێی پیتی کۆتاییەکەیانە. فەرهەنگێکی تر،کە لە سەدەی شەشەمەوە ماوەتەوە ,( فەروخنامەی جەمالی), نووسینی ئەبوبەکر موتەهەر بن ئەبی قاسم ناسراو بەیەزدیە و مێژوویی ئەم بەرهەمە دەگەڕێتەوە بۆسالی 580کۆچی. لە کۆتایی سەدەی دەیەم. لە ئێران (میرزا ئیبراهیم شاە حسین ئەسفەهانی) فەرهەنگێکی دانا،کە بە فەرهەنگی میرزا ئیبراهیم یان فەرهەنگی میرزا بەناوبانگە. میرزا ئیبراهیم لە یەکەمین کەسانێکە کە لە سەرەتای فەرهەنگەکەیدا بابەتگەلێکی لە بابی پیتەکان هێناوەتەوە و باسی بابەتە رێزمانیەکان قسەی کردووە. ریزبەندی فەرهەنگی میرزا لە هەریەك لە پیتەکانی ئەلفبێ, پیتی کۆتایی, رەچاوکراوە.ئەم فەرهەنگە سەرچاوەیەکی بەرچاو وبەکارهێنراوی دواتری وەك مجمع الفرس سروری و فەرهەنگی جهانگیری و ئەوانیترە. https||informationroom.blogsky

یەکێک لە فەرهەنگە پێشکەوتووەکانیان فەرهەنگی دێهخودایە، کەکتێبێکی گشتگیرە کە مانا و وەسفی وشەکانی زمانی فارسیی تێدایە. ئەم فەرهەنگە گەورەترین و گرنگترین کاری عەلی ئەکبەر دێهخدایە کە زیاتر لە 40 ساڵی تەمەنی خزمەت و هەوڵدان بووە لەپێناوئەم بەرهەمەدا، هەروەها مانا و لێکدانەوە و وەسفی مێژوویی بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لەوشە وەرگیراوەکانی زمانی عەرەبیی لە خۆگرتووە کە چوونەتە نێو زمانی فارسییەوە، فەرهەنگەکەی دێهخودا بەشێکی زۆری وشە ئەدەبییەکانی زمانی فارسیی لەخۆدەگرێت، بەو مانایەی کە لەشێعردا بەکاریدەهێنن، هەروەها هەموو وشە ڕەسەنە فارسییەکانی تیایە، هەرچۆنێک بێت فەرهەنگەکە بەشێکی زۆری وشە و وشە زانستیی و تەکنیکییەکانی فارسیی تێدانییە، کە زیاتر لە ساڵانی دوای نووسینی فەرهەنگەکە هاتوونەتە نێو زمانی فارسییەوە، ڤێرژنی نوێی چاپکراوی ئێستای فەرهەنگەکە 67,265 پەڕەیە، لە چاپی دووەمی سەردەمی نوێدا کە لە15 فەرهەنگ و یەک بەرگی پێشەکی بڵاوبۆتەوە کە 23911 لاپەڕەیە. ئەو فەرهەنگەی کە دێهخۆدا 40 ساڵی تەمەنی لەپێناودا داناوە و هیچ ڕۆژێکی تەمەنی نەبووە کە کاری لەسەر نەکردبێت  جگە لەدوو ڕۆژ بەهۆی مردنی دایکی و دوو ڕۆژ بەهۆی سەختی نەخۆشییەکەیە(هەمان سەرچاوە: ٥-١٢) لەساڵی ١٦٠٤ لە لەندەن یەکەم فەرهەنگی تەنیا ئینگلیزی دەرکەوت، کە وەک بەرهەمێکی جیاواز دەرچوو، بە ناوی خشتەیەک بە پێی ئەلفوبێ، کە نووسین و تێگەیشتنی ڕاستەقینەی وشە ئینگلیزییە ئاساییە سەختەکانی تێدایە، کە لە عیبری، یۆنانی، لاتینی، یان فەرەنسی و هتد وەرگیراوە , .تا ڕۆبێرت کاودری، کە پێشتر مامۆستای قوتابخانە بووە لە ئۆکهام، ڕوتلاند، نزیکەی ساڵی ١٥٨٠ و لە ساڵی ١٦٠٤) لە کۆڤێنتری دەژیا. هاوکاری تۆماس کوڕەکەی هەبوو کە مامۆستای قوتابخانە بوو لە لەندەن .ئەم بەرهەمە نزیکەی 3000 وشەی لەخۆگرتبوو" -https://www-Britannica“ com.translate.goog/topic/dictionary

واتە یەکەم فەرهەنگ لە زمانی ئینگلیزیدا نزیکەی چوار سەدە بەر لە ئێستا دەستیپێکردو، خشتەیەک بەپێی ئەلفوبێ،کە نوسین وتێگەیشتنی ڕاستەقینەی وشە ئینگلیزییە ئاساییە سەختەکانی

تێدایە، کە لە عیبری، یۆنانی، لاتینی، یان فەرنسی و....هتد وەرگیراوە، ئەم بەرهەمە نزیکەی (٣٠٠٠) وشەی تیانوسراوە

"کاتێک کۆمەڵەی فیلۆلۆژی لەندەن لە ساڵی ١٨٥٧دا بیرۆکەی فەرهەنگێکی نوێی زمانی ئینگلیزی هێنایە ئاراوە، سەرنوسەران بڕیاریان دا کە پێویستە یارمەتی خەڵک وەربگرن و داوایان لە خوێنەرانی بەئەمەک کرد نموونەی ڕستە بنێرن، کە بتوانن مانای جیاوازەکان ڕۆشن بکەنەوە. وشەکان ڕۆژانە خۆبەخشەکان هەزاران "سلیپی وەرگێڕان"یان لە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە بە پۆست دەنارد. تا ئەو کاتەی چاپی یەکەم بڵاوکرایەوە زیاتر لە ٢٠٠٠ خۆبەخش.هاوکاری سەرنوسەرەکانیان کردبوو لە تەواوکردن، لە بنەڕەتدا کۆمەڵەی فیلۆلۆژی پێشبینی ئەوەی کردبوو کە فەرهەنگەکە نزیکەی ١٠ ساڵ دەخایەنێت تا تەواو دەبێت. لە کۆتاییدا یەکەم بەرگی تەواو لە ساڵی ١٩٢٨دا بڵاوکرایەوە.

https://www-rd-com.translate.goog/list/fascinating-dictionaryfacts/?_x_tr_sl=en&_x_tr_tl=ckb&_x_tr_hl=en&_x_tr_pto=wapp

سەرەتای دانانی فەرهەنگیش لای نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەک پێش ئێستا،شێخ محەمەدی خاڵ لە لاپەڕە یانزەی فەرهەنگەکەیدا دەڵێت "کۆنترین فەرهەنگی کوردی کە نووسرانێ – بە پێی زانینی من (ئەحمەدی خانی)یە، کە لە ساڵی ١٠٩٤هیجری بە شیعر نووسیویەتی کە عەرەبییەوە بۆ کوردی و ناوی ناوە (نەوبەهار) کە لە داوێنی فەرهەنگی (الهدیە الحمدیە فی اللغە الکردیە) لە چاپ دراوە،نەوبەهار نۆ چەکامە (قصیدە) یە، هەر چەکامەی لە وەزنێک. " بۆ نموونە:

(رجـــل) پـــێ و (رکـــبە) ئەژنـــۆ (بطـــن) ســـک (صدر)سنگو(جید)ئەســـتۆ(عین)چاڤ (فەرهەنگی خاڵ: ٢٠١٧: ١١)

واتە سەرەتای دانانی فەرهەنگ لە لایەنی (ئەحمەدی خانی)یەوە بە هۆنراوە بۆ منداڵانی کورد، کە فێری عەرەبی بن نوسیوویەتی بەناوی (نۆبەهار). کە نۆ چەکامەیە،دواتر ساڵی ١٧٩٥ شێخ مارفی نۆدێی (فەرهەنگۆکی ئەحمەدی) داناوە" وەک وشەنامەیەک بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی منداڵانی کورد بووە، لە دوو ناوچەی جیاوازی کوردستان، نووسراوە، لە ڕێگەی کاریگەری ئایینیەوە بۆ فێربوونی منداڵان نووسراوە بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی بین، لەبەر ئەوەی زمانێکی باڵا بووە لەو سەردەمەدا، هەروەها زمانی قورئانی پیرۆزیش بووە، بە هەمان شێوەش شێخ مارفی نۆدێیی لە بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر بووە، کاریگەری ئایینی ئیسلامی لەسەر بووە و حەزی کردووە کوڕەکەی کە کاک ئەحمەدی شێخ بووە فێری عەرەبی ببێت، بە هۆنراوە فەرهەنگەکەی داناوە و ناوی ناوە (ئەحمەدی)، هەوڵی داوە وەک برانیکۆفی رووسی لە فەرهەنگی بنەڕەتیدا یەکێک لە خاڵەکان دیاری کردووە ئەندامی جەستەی مرۆڤە، بۆ فێربوونی زمانی دووەم ئەویش لە فەرهەنگەکەیدا بەم جۆرە نوسراوە

(راس) سەرە، (عین) چاوە (بدن) قاڵب، اسم (ناوە)

" فەرهەنگنووسین لە دوای نەوبەهارەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم زۆر بە خێرایی نەڕۆشتووە، تا ئەو کاتە لە فەرهەنگی (ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدێی(١٩٧٥) و ((الهدية الحمّيدية في اللغة الكردية )) ی زیائەدین پاشا (١٨٩٣-١٨٩٤)ی بترازێ: هیچ فەرهەنگێکی وامان بەرچاو ناکەوێت شایەنی باسکردن بێ" (عەبدوڵڵا، ڕۆژان نوری: ٢٠١٣: ٢٩٦)،دواتر لە (ساڵانی سییەکاندا، جەلادەت عالی بەدرخان لە ساڵانی (٣٠)سیدا لە بەشێکی تایبەتی گۆڤاری (هاوار)دا، لیستەیەک زاراوەی کۆمەڵایەتی و پۆلێنێک بە ناوی فەرهەنگۆگ بڵاوکردوەتەوە، هەروەها علادین سوجادی لە گۆڤاری (نزار) کۆمەڵێک زاراوەی بڵاوکردوەتەوە، مامۆستا شاکر فتاح ساڵی ١٩٣٤ (فەرهەنگۆک)ی بڵاوکردوەتەوە، زێوەر لە ساڵی ١٩٤١ فەرهەنگێکی (عەرەبی – کوردی) داناوە، هەروەها مامۆستا گیوی موکریانی دەستێکی باڵای لە دانانی فەرهەنگی کوردیدا هەبووە، (رابەر ١٩٥٠، کۆلکە زێرینە ١٩٥٥، مەهاباد ١٩٦١، هەروەها عزەددین مستەفا رەسوڵ لە ساڵی ١٩٥٥ (فەرگەنگۆکێکی بۆ قوتابییانی کورد بڵاوکردوتەوە، شێخ محمەد مەردۆخی ساڵی ١٩٥٦ فەرهەنگێکی (کوردی- فارسی – عەرەبی )لە تاران بە چاپگەیاندوە.) (وانەی خوێندنی باڵا: لیکسکۆگرافیا: ٢٠١٣)، واتە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ئەو کارانەی لە بواری فەرهەنگدا کراوە سادەو ساکاربوون لەچەند گۆڤارێکدا کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، چەند وشەیەک کۆکراوەتەوە و واتاکەیان لێکدراوەتەوە. دەچنە خانەی وشەنامەوە.

لەبەر ئەوەی کورد دەوڵەتی نەبووە، کوردستان شوێنی تاقیکردنەوەی هێزی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە بووە، کوردەکان کراون بە داردەستی زلهێزەکان، هەر میرنشین و هۆزێک خۆی داوەتە پاڵ یەکێک لە دەسەڵاتدارنی ئەو سەردەمە و ئەوانیش هێزی خۆیان لە خاکی کوردستاندا تاقیکردووەتەوە، کوردەکانیان کردووە بە سوری بەر لەشکری شەڕەکان، کوردستانیان وێران کردووە و ئاستی خوێندەواری لاواز بووە، بۆیە نەیانتوانیوە لا لە زمانەکەیان بکەنەوە گرنگی بە فەرهەنگ بدەن.

ئەو نوسەرانەش لەو ماوەدا ئەو کاریان کردووە، توانیویانە بەشێک لە وشەکانی زارێکی زمانی کوردی کۆبکەنەوەو لە فەوتان ڕزگاریان بکەن، دەتوانرێت وەک سەرەتایەکی کاری نوسینی فەرهەنگی کوردی سەیر بکرێن. لەبەر ئەوەی کۆکردنەوەو دیاریکردنی واتای وشەکان بەشێک دەبێت لە ئەرکی فەرهەنگ.

### ٢-١/١) کەم و کورتی فەرهەنگی کوردی:

بێگومان زمانی کوردی تا ئێستا فەرهەنگێکی ئەکادیمی کە هەموو دەروازە زانیارییەکانی تێدا خرابێتە ڕوو، وەک (فۆنۆلۆژی و فۆنەتیک، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، واتاسازی، پراگماتیک )، بە پێی پێویست نەکراوە،ئەوەی کە کراوە لە لایەن تاکە کەسەوە وەک خۆشەویستیان بۆ زمانی کوردیی کراوە. دەتوانین هەندێک خاڵی تریش دیارییبکەین سەبارەت بە گیروگرفتی نەبوونی فەرهەنگ بە واتا زانستییەکەی.

١-نەبوونی دەزگایەکی ئەکادیمی : بۆ کۆکردنەوەی وشەکان لە زارەکاندا، لە هەموو ناوچەکاندا لای پیاوانی بە ئەزموون و بەتەمەن، لای ژن و منداڵ و گەنجەکان، لای هەموو پیشەوەرانی بواری جیا جیا، ....هتد. دواتر جیاکردنەوەیان و تومارکردنیان لە کۆمپیوتەردا.

٢- نەبوونی شارەزای لە زمانی بیانیدا : ئەو پسپۆڕانەی کە کار لە بواری فەرهەنگدا دەکەن پێویستە شارەزاییان لەم زمانانەی خوارەوەدا هەبێت، بۆ ئەوەی وشەی بنەرەت و نابنەرەتی زمانەکەمان جیابکەنەوە و کام وشە هاوبەشە لە نێوان ئەو زمانانەدا دیاری بکەن.

| | |
|---|---|
| ١- زمانی فارسی | ئەمانە دەچنەوە سەر یەك |
| ٢- زمانی ئینگلیزی | خێزانی هیندۆ ئەورپی |
| ٣- زمانی عەرەبی | ئەمانەش دەچنەوە سەر |
| ٤- زمانی تورکی | خێزانی سامی و حامی |

هەروەها کەسانی پسپۆری ئەو زمانانەی سەرەوە لە دەزگاکەدا هەبن، بۆ ئەوەی بتوانن وشەی بنەڕەت و گشتی لەیەک جیابکەنەوە، بە تایبەتی ئەو فەرهەنگنووسانەی شارەزاییان لە زمانەکانی کۆندا هەبێت،هەروەها دەبێت حکومەت هەوڵ بدات بۆ پاراستنی زمانی کوردیی سەنتەرێک یان دەزگایەکی فراوان بۆ ئەو مەبەستە دروست بکات، کەسانی شارەزا بۆ ئەو مەبەستە لەو شوێنە دابمەزرێنێ هەموو پێداویستییەکانیان لەڕووی سەنتەروئامێری کۆمپیوتەر تەکنەلۆژیای نوێوە بۆ جێبەجێبکات، بۆ ئەوەی بتوانین سود لەکارەکانی پێشتری نوسەران کە کردوویانە وەربگرین،وەک نەتەوەکانی تر بگەڕێین بە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا لە ژن و منداڵ و گەنج و پیرو ئەوەی کۆنەکراوەتەوە کۆی بکەینەوە، هەروەها ئەوەش کە کراوە زانیاری پێویست لەسەر وشەکان نەدراوە لە ڕووی پێکهاتەو جۆرو هاوواتاو دژواتا و فرەواتا و هاوبێژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس وپراگماتییکەوە.

## ٢/١) فەرهەنگی خاڵ:

ئەو فەرهەنگەیە شێخ محەمەدی خاڵ نوسیوویەتی، بە سێ بەرگ لە ساڵانی (١٩٦٠،١٩٦٤، ١٩٧٤) دا فەرهەنگەکەی داناوە، پێش ئەم فەرهەنگە، فەرهەنگی کوردیی بە کوردیی دانەنراوە. کە بتوانێت هەموو شێوە زارەکان لە خۆ بگرێت. هەروەها عبدالرحمن شەرفکندی (هەژار) دەڵێت:" شێخ محەممەدی خاڵ نەبێ، کە بۆ یەکەم جار لە مێژو، فەرهەنگی کوردی بە کوردی بۆ نوسیوین. بە چاوێکی زانایانەو کوردانەی پاک و بو، کورد دڵسۆزو سینەچاک، سەیری هەمو شیوەکانی ناو کوردەواری کردوە، شەرە زاراوەی بۆتانی و سولەیمانی و ئەردەڵانی و موکریانی و هەورامانی وەلا ناوە. هەمو وشەیەکی کوردی – هەر هێندە پەیدای کردبێ –بە جگەر گۆشە داناوە و لە فەرهەنگە هێژاکەیدا جێگەی داوە و لە راستیدا دادی داوە. فەرهەنگەکەی شێخی خاڵیش، بۆ چینی ئێستاو دوا رۆژی، وەچەو بەرەی کوردەواری، ئەو دەوار کە بە قورقوشم دارژاوە، هەرچەندی دەسکاری بکرێ و چینەی دیکەی وەسەر بخرێ، هەر هەڵدەگرێ. زۆر سوپاس بۆ مامۆستا خاڵ، ئەرکە هەرە دژوارەکەی لە کۆڵ چینی وشەچینی نو کەو دوا رۆژ کردۆتەوە،لە گۆرەپانی کێ بەرکێی وشەواناندا بێ سۆ، گرەوی بردۆتەوە( شەرفکندی عبدالرحمن : ١٣٧٦: ٢٢)، واتا باسی خاڵ دەکات کە یەکەم جار لە مێژوودا فەرهەنگی کوردی بە کوردی بۆ نوسیوین، سەیری هەموو شێوەکانی قسەکردنی ناو کوردەواری کردووە، وشەی هەموو شێوەکانی بە جگەر گۆشەی خۆی داناوە، فەرهەنگەکەی وەک بناغەیەک یان دەوارێک کە بە قورقوشم دارژاوە سەیر کردووە.

شێخ محەمەدی خاڵ لە پێشەکی فەرهەنگەکەیدا دەڵێت " زمان پایەی هەرە گەورەو بەهێزە لە کۆشکی کۆمەڵایەتیدا و، ڕۆشتەی هەرە قایم و بەتینە بۆ یەکخستنی کۆمەڵەو گەل لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوای. بەڵکو زبان گیانی گەلە، کە زبان بوو گەل هەیە، کە نەشبوو گەل نییە. هەروەها ئاشکرایە کە سەرمایەی زمان خەرمانی وتەیەو، گەنجینەکەشی فەرهەنگی وشەیە، هەر بە هۆی فەرهەنگەوەیە کە مەبەست لە وتە دەردەکەوێ و هەموو وتارێک نمایان دەبێ. کەوابوو نووسینی فەرهەنگ بۆ پاسی زمان لە هەموو شت پێویستترە بۆ مانەوەی گەلان، هەر گەلێک زمان و فەرهەنگی نەبێ لە گەڵ گەلاندا ناژمێردرێ و ناناسرێ، بەڵکو دەکرێ بە بەردەباز پێشێل لە ژێر پێی ئەو گەلانەی کە بۆ کوێستانی ژیان دەچن، تا لە ڕێ پێڵگەدا پان و پلیش دەکرێنەوە و، لەگەڵ خاکدا یەکسان دەکرێن." (فەرهەنگی خاڵ : ٢٠١٧: ٩)

لەم وتەیەی شێخ محەمەدا باسی گرنگی زمانمان بۆ دەکات کە کۆمەڵمان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا بۆ یەکدەخات، بوونی گەل دەبەستێتەوە بە زمانەوە، هەموو گەلێک بۆ ئەوەی بمێنێتەوە دەبێت گرنگی بە زمانەکەی بدات و هەروەها باسی گرنگی فەرهەنگمان بۆ دەکات کە زمان دەپارێزێت ناهێڵێت بفەوتێت، هەر گەلێک لە ڕێگای فەرهەنگەوە زمانەکەی نەنوسییەوە ناتوانێت لە گەڵ گەلەکانی تردا بۆ کوێستانی ژیان بڕوات.

هەروەها لە بەشێکی تری پێشەکیەکەدا دەڵێت (کە زمان و فەرهەنگی بوو با دیلیش بێ هەر گەلەو بەگەل دەناسرێ و ڕۆژێک دەبێ، کە لەگەڵ گەلانی خوا پێداودا ڕووەو کوێستانی ژیان بڕوا و سەرکەوێ و، لە پێشکەوتن و بەرزبوونەوە دابێ، تا دەگاتە لووتکەی هەرە بەرزی ژیان..... گەلی دیلی خاوەن فەرهەنگ و زمان وەک بەندییەک وایە کە کلیلی دەرگای بەندیخانەکەی لە گیرفاندا بێ هەر حلێک بیەوێ ڕزگارو، لە دیلی سەرفراز ببێ، بە کلیلی زمانەکەی دەرگای دیلییەکەی دەکاتەوە و بەیداخی ئازادی و سەربەخۆیی هەڵدەدا، بەڵام گەلی دیلی بێ فەرهەنگ و زمان وەک بەندییەک،کلیلی دەرگای بەندیخانەکەی لە گیرفانی دوژمنەکەیدا بێ. ناچار دەبێ دەستە ئەژنۆ دانیشێ تا دەتوێتەوە و نامێنێ.کەوابوو کۆکردنەوەی وتەو نووسینی فەرهەنگ بۆ کۆمەڵ و گەل لە هەموو شت پێویستتر و بەنرخترە.) (هەمان سەرچاوە :٢٠١٧: ٩- ١٠)

نوسەر مەبەستی بوونی فەرهەنگ و زمانە،ئەگەر گەلێکی ژێر دەستەش بێت فەرهەنگ و زمانی هەبوو ڕۆژێک دەبێت لە دیلییەکە ڕزگاری ببێت و ئاڵای ئازادیی و سەربەخۆیی هەڵبدات، بەڵام فەرهەنگ و زمانی نەبێت وەک بەندییەک وایە کە کلیلی دەرگای بەندیخانەکەی لە لای دوژمن بێت، بەرەو توانەوەو لەناوچوون دەچێت. کەواتە کۆکردنەوەی وتە و نوسینەوەی فەرهەنگ بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستە، لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی لە میللەتەکانی تر بە جێ نەمێنێت لە ڕەوتی پێشکەوتنی ژیاندا، هەموو نەتەوەکانی جیهان شانازی بە زمان و کەلتوورو فەرهەنگەکەیانەوە دەکەن لە هەموو بوارە جیاوازاکاندا فەرهەنگەکەیان کۆکردوەتەوە، بۆ ئەوەی زمانەکەیان لە فەوتان ڕزگار بکەن و نەوەکانیان سود لە ڕابوردو ببینن و بتوانن ئایندەی لەسەر دروست بکەن.

لەبەر ئەوە پێوانەی هەموو نەتەوەیەک بە فەرهەنگەکەی دەکرێت. چەند کار لە هەر بوارێکی فەرهەنگدا بکرێت، ئەو نەتەوە هێندە لەو بوارەدا پێشکەوتوو دەبێت، کەواتە هەر نەتەوەیەک

کاری زیاتر لە بواری پەروەردەدا لە نەتەوەکانی تر کردبێت، ئەوا ئەو نەتەوەیە لە نەتەوەکانی تر لەبواری پەروەردەدا لە پێشترە، بە هەمان شێوە بۆ بوارەکانی تریش.

شێخ محمەدی خاڵ لەسەرەتای فەرهەنگەکەیدا ئەوەی دەرخستووە بۆ کورد کە ئامانجی لە دانانی فەرهەنگەکەیدا، دەڵێت : "خاڵ لاپەڕە (٧-٣٨) ی فەرهەنگەکەی بۆ پێشەکی دیاریکردووە، کە تیایدا نووسەر دەربارەی قەومی کورد و گرنگی زمان و پەیدابوونی خێزانەزمانێکان دواوە، گرنگی فەرهەنگ و پەیدابوونی خستۆتەڕوو، بە کورتیش دەربارەی مێژووی نووسینی فەرهەنگ لە کوردیدا، دواوە. " (فەرهەنگی خاڵ: ١٩٦٠: ٧-٣٧)، مەبەست لەوەیە شێخ محمدی خاڵ وەک زاناو نووسەرێکی بلیمەت هەر زوو هەستی بەوە کردووە کە گرنگی بە زمان و فەرهەنگ بدرێت بۆ ئەوەی لە میللەتانی تر بە جێ نەمێنێت.

فاروق عومەر سدیق دەڵێت: (لە یادی دوانزەهەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی مامۆستا (شێخ محمدی خاڵ)دا بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژدا داوام لێکراوە لەسەر کتێبی (فەرهەنگی خاڵ)و (پەندی پێشینان) وتارێک بخوێنمەوە، منیش هەر چەندە خۆم بە شیاوی ئەوە نازانم کە قسە لە بەرهەمەکانی ئەو کەڵە زانا مەزنەی گەلەکەمان بکەم، بەڵام لە گەڵ ئەوەدا، بە مەبەستی لەبیر نەچوونەوەو هێنانەوە یادو وەفامان بۆ شێخی کورد پەروەرو دڵسۆزمان بەپێز تەماشاکردنی هەموو بەرهەمەکانی ئەو هەڵکەوتووەمان، ئەو ئەرکەم بە سوپاسەوە گرتە ئەستۆ، لە وتارەکەیدا کە لە ژمارە (٢٩)ی گەلاوێژی نوێ بڵاوبۆتەوە بەم جۆرە دەربارەی خاڵ و فەرهەنگ دانان بۆ کورد دواوە.دەڵێت ؛

شێخی خاڵ زانایانە لە فەرهەنگ و ئەرک و ڕۆڵی لە مێژووی زمان و کەڵچەری میللەتان گەیشتووە .فەرهەنگی خاڵ گەنجینەیەکی پڕ بەهای وشەکانی زمانی کوردییەو بۆ یەکەمجارە کە کوردی بە کوردی لێک بدرێتەوە.

فەرهەنگی خاڵ ئاوێنەی چەشنی بیرکردنەوە و خۆری هەڵسوکەوت و لە جیهان و سروشت گەیشتنی میللەتی کوردە

فەرهەنگی خاڵ بەری ماندووبوونی چەندەها ساڵ تەمەنی ئەو زاتە گەورەیەیە کە توانیوێتی بە هەوڵ و کۆششی یەکجار زۆر، سەدەها وشەی کوردی لە دەردی لەبیرچوونەوەو فەوتان ڕزگاربکات.

فەرهەنگی خاڵ، دیسانەوە، ئاوێنەی چەشنی بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیکانیەتی کە لە دێرزەمانەوە کورد خاوەنی بوون و بەردەوام لە گۆڕاندا بوون.

دەستنیشانکەری ئەو قوناغە مێژوویانەیە کە میللەتی کوردو زمانەکەی تا ئەمڕۆ بڕیونی.) (فاروق عومەر صدیق: ٢٠١٢ : ٢٤١)

دیارە شێخ محەمەدی خاڵ شارەزای کەڵچەری میللەتان بووە بەتایبەتی هی دراوسێکان، زانیویەتی فەرهەنگ ئەرک و ڕۆڵی لە پاراستنی زماندا هەیە، یەکەم کەس بووە،کە وشەی کوردی بە

کوردی لە فەرهەنگدا بنوسێت، هەروەها وەک ئاوێنەیەک چەشنی بیرکردنەوە و لە دونیا گەیشتنی میللەتی کوردمان بۆ دیاری دەکات. نزیکەی چل و یەک ساڵ خەریکی نووسینی ئەم فەرهەنگە بووە، توانیویەتی بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر سەدەها وشەی کوردیی لە فەوتان بپارێزێت، هەروەها ئاوێنەی جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیەتی، دەسنیشانی ئەو قۆناغە مێژوویانەمان بۆ دەکات،کە کوردو زمانەکەی تا ئێستە بڕیویەتی.

هەروەها چەند خاڵێکی تری خستووەتە ڕوو، کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

- باشترین سەلمێنەرو نیشاندەری پەیوەندی میللەتانی دەورو پشتی کوردو زمانەوانەکانیانە بە زمانی کوردیەوە.
- یەکەم فەرهەنگە کە تێکڕای دیالێکتەکان بگرێتەوە.
- بۆ یەکەم جارە، بەشێوەیەکی زانستییانە وشە هاوواتاکانی خستوەتە روو.
- لە خاڵبەندیدا، پەیڕەوی ئەو دەستورە باوانەی کردووە، کە لەو سەردەمەدا، لە زمانی عەرەبی و فارسیدا، بەکارهێنراون.
- ئەگەر فاکتەری سەرەکی و بنجی لای هیندیەکان و عەرەبەکان لە فەرهەنگنووسیدا، ئایین و دین بووبێت، ئەوا لای زانای گەورەی گەلەکەمان شیخ محەمەدی خال، نەتەوەپەرستی و کوردایەتی بووە. (هەمان سەرچاوە پێشو، ل٢٣٩)

هەروەها نووسینی فەرهەنگی خاڵ پەیوەندیی میللەتانی دراوسێ و زمانەوانەکانیان دەردەخات لە گەڵ زمانی کوردی، پێش ئەمە فەرهەنگەکانی تر کە نوسراون، بە یەکێک لە دیالێکتەکان بووە، بەڵام فەرهەنگی خاڵ وشەی تێکڕای دیالێکتەکانی تیا نوسراوەتەوە.

بێجگە لەو خاڵانەی سەرەوە چەند تایبەتیەکی تر لە فەرهەنگی خاڵدا بەدیدەکرێت: لەوانە، فەرهەنگی خاڵ لە ڕووی زمانەوانییەوە خزمەتێکی باشی بە لایەنی واتاسازی زمانی کوردی کردووە بەو پێیەی کە پەیوەندییە واتاییەکانی خستوەتە ڕوو. نووسینی فەرهەنگی خاڵ کارێکی باشبووە بۆ ئەو سەردەمە، سودیشی لێوەردەگیرێت لە پرۆژەی دانانی فەرهەنگی ئەکادیمیدا، کە بتوانرێت ئەو وشانەی کۆکراونەتەوە، وردەکاری تر لەسەر وشەکان بنوسرێت، وەک ، دەروازە زانیارییەکان لەفەرهەنگدا بنووسرێت، شێوازی خوێندنەوەو نوسینی وشەکان لە زمانەکەدا) بخرێتەڕوو.

**بەشی دووەم/**

## ٢) فەرهەنگ و جۆری فەرهەنگ و تایبەتمەندی فەرهەنگی ئەکادیمی:

### ١/٢) چەمک و پێناسەی فەرهەنگ:

فەرهەنگ بە عەرەبی (معجم) بە ئینگلیزی (Lexicon ) ی پێدەوترێت. لە زمانی کوردیشدا زاراوەی فەرهەنگی بۆ دانراوە،هەرچەندە (فرهنگ)بەواتایەکیتریش بەکاردێت، کە بریتییە لە بەها و بیرکردنەوە و ئەقڵییەت، ئایین و پەروەردەوە و خوێندن، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنەلۆجیا، یاسا و جوانییناسیی کۆمەڵگەکە " (جلد اول کتاب فرهنگ دهخدا/تهران١٣٧٧: ١)، یان "وشەیەکی ئێرانییە، واتا ڕوشنبیری دەگەیێنێت، وشەی فەرهەنگ لە زمانی کوردی و فارسی و زمانەکانی تری ئێرانیدا بەکاردەهێنرێت، لە ئێستادا وشەی فەرهەنگ بە واتای رۆشنبیری نایێت، بەڵکو واتای کۆکراوەی وشەکانی زمانێک دەگەیەنێت، یان لێکۆڵینەوەیە لە زمان بە مەبەستی ئامادەکردن و نوسینەوەی فەرهەنگ یان وشەنامە دێت. (وانەی خوێندنی بالا : لێکسیکۆگرافیا : صدیق، فاروق عومەر: ٢٠١٣).

یاخود وشەی فەرهەنگ " وشەیەکی کوردیی کۆنەو لە فره هەنگ "ەوە وەرگیراوە، "فره" لە کوردیدا بە مانای "زۆرو زەبەنگ" دێ. "هەنگ" و "سەنگ" بە مانای "گرانی" و "نرخ" و "بڕ" دێ " ( جەمال نەبەز : ٢٠٠١: ٦٠)، چەند زاراوەیەکی تر بێجگە لە فەرهەنگ لە زمانی کوردییدا بەکاردەهێنرێت وەک " (قاموس، وشەنامە، فەرهەنگۆک) ،هەروەها (بەرانیکۆفا)ش لــــە شیکردنەوەی چەمکی فەرهەنگدا، بە هەموو ئەو وشانەی دادەنێت، کـــە لـــە زماندا بەکاردێن، هەروەها ئاماژە بەوە دەدات، کـــە تەماشای هەر زمانێکی پێشکـــەوتوی ئەمڕۆ بکەیت، هەزارەها وشـــەی تێدایە، کە ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵ وسروشتی ئیشوکارەکانیەتی، ڕادەی پێشکـــەوتنی میللـــەت دەردەخات، بەڵام مەرجی سەرکەوتنی فەرهەنگ دیاریکردنی زۆربەی زانیارییەکانە، چونکـــە بەراوردکردنیان بە دەروازەی زانیاری و وشـــەکانی مێشك هێشتا کـــەمە، دەروازە لێکسیکییەکانی مێشك زۆر چڕوو پڕترو ئاڵۆزترن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کـــە فەرهەنگی مێشك فراوانترە و ژمارەیەکی زۆر وشـــەی تێدایە، لـــەگەڵ زانیاری تەواو دەربارەی هەریەکەیان، " (سەعید، **تابان محەمەد :٢٠٠٨ : ٦-٨)**، هەروەها "یەکێك لە ئەرك و کارە سەرەکییەکانی فەرهەنگناسی، جیاکردنەوەی ئەو کەرەستانەی زمانە، بە پێی ڕێسای ئەلفوبێ، بەڵام کارە سەرەکیەکەی لەوەدایە چۆن ئەو کەرەستانە هەڵدەبژێرن، تا بە پێی ئەم ئەلفوبێیە ریز بکرێن" (مهدی محوی : ٢٠٠١: ١٤٤)، واتا کاری سەرەکی فەرهەنگسازی جیاکردنەوەی کەرەستەکانی زمانە، بەپێی پەیڕەوی ئەلفبێی.

یان فەرهەنگ "ئەو کتێبەیە، کە وشەی تێدا تۆماردەکرێت.، جگە لە ریزکردنی وشە هەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و شیکراوەتەوە و زانیاری دەربارەی چۆنیەتی نووسینیان و بەدەمەوهاتنیان و پەیدابوونیان... دراوە. (ئەورەحمانی حاجی مارف : ١٩٧٥: ٦٩) ، واتە فەرهەنگ ئەو پەرتوکەیە، کە وشەکانی زمانی تێدا ریزکراوە و واتاکانیان لێکدراوەتەوە.

"فەرهەنگ ئەو پەرتوكەیە، كە وشەكانی زمانی تیا نوسراوەتەوە، یان ئەو وشەنامەیە كە تێیدا مانای وشەكان لە زمانێكی دیاریكراودا بە ڕیزبەندیی ئەلفوبێی ئەبجەدیی هەمان زمان كۆدەكرێنەوە لەگەڵ وەسفی ڕەگ و ڕیشەیان و جۆریان و وشەی پێچەوانە و هاوواتاكانیان دەیارییدەكرێت. (جلد اول كتاب فرهنگ دهخدا/تهران١٣٧٧: ١) یان "بریتیە لەو كتێبەی كەژمارەیەكی زۆر لە وشەی زمانێكی دیاریكراوی تێدایە، كە بە شێوەی ئەلف بێی ئەو زمانە، وشەكان ڕیزكراون، یەك بەدوای یەك و شیكردنەوەی واتایی ئەو وشانە لە بەرانبەریدا نوسراوە.( عبدالعزیز،محمد حسن: ١٩٨٣: ١٠٣)، واتا لە فەرهەنگدا بە شێوەی ئەلف بێ وشەكانی زمانێكی دیاریكراوی تێدا تۆماركراوە و لێكدراونەتەوە، یاخود " كتێبێكە ژمارەیەكی زۆر وشەی زمانەوانی تێدایە، لەگەڵ ڕونكردنەوەی واتاكەی و ئەو وشانەی بەشێوازێكی تایبەت بەنوسەرەكە ڕێكدەخرێت.( محمد صالح، شكۆفە حسین ٢٠٢١: ١٨) ، یان"واتای فەرهەنگی بریتییە لە واتای ئەو وشانەی، كە لە فەرهەنگی زمانێكی دیاریكراودا تۆماردەكرێت، هەروەها لە فەرهەنگی گشت زمانێكدا بەشە سەرەكییەكانی ئاخاوتن(ناو– فرمانەكان) واتای فەرهەنگی وشەكە دەگەیەنن. (پەروین مستەفا عەللاف :٢٠٠٩: ٩٧)

## ٢|٢) جۆرەكانی فەرهەنگ:

تێڕوانینەكان بۆ دابەشكردنی جۆرەكانی فەرهەنگ جیاوازن، " فەرهەنگ مێژوویی، یا وەسفی، یا پێوانەیی بێ، گشتی،یا تایبەتی بێ. هەروەها تاك زمانی، یا جووت زمانی، یا چەند زمانی بێ،" ( مراد میدیا : ٢٠٢١: ١٨)، بەوێنە زانای رووسی (ئارنۆڵد) سێ جۆر فەرهەنگی دیاریكردووە:

١- dictionary؛ ئەو فەرهەنگەیە كە زۆرترین وشەی كۆكراوەی دیالێكتێك یان پیشەیەكی تیا كۆكرابێتەوە.

٢- Vocabulary: وشەكانی كەمترە و بێ شەرح و روونكردەوەیە، ئەو وشانە دەگرێتەوە كە تایبەتن بە بابەتێكی دیاریكراو، كۆكراوەی ئەو وشانەیە، كە لە كتێبی فێركردندا بەكاردێن دەكرێت بە لیستێك و ڕێكبخرێت. بەو فەرهەنگانە دەوترێت كە بۆ فێربوونی زمانێكی دیاریكراو ڕێكدەخرێت.

٣-glossary: لیستی ئەو وشەو دەربڕینانەیە، كە لە دوو توێی كتێبێكدا بەرچاو دەكەوێت، بۆ نموونە لە سەرەتا یان كۆتایی ئەو كتێبانەی كورتكراوە یان پوختەی گراماتیكێكن، نووسەری ئەو كتێبانە ئەو وشەو تەعبیرانە ڕیزدەكات، كە لە ئیشەكەیدا بەكاریهێناون، گڵۆسەری بۆ بەرهەمەكانی شكسپیر كراوە و ئەو تەعبیرانەی كە پەیوەندییان پێوەی هەیە،

( وانەكانی خوێندنی باڵا : صدیق، فاروق عومەر: 2013)

كەواتە لای زانای رووسی سێ جۆر فەرهەنگ (dictionary، Vocabulary، glossary) ی جیاكردوەتەوە.

جۆرەکانی فەرهەنگ بەم چەشنە دابەشکراوە

١- فەرهەنگی زمان : ئەو فەرهەنگەیە، وشەکانی زمانێك تێیدا نوسراوە.

٢- فەرهەنگی دوانی: ئەو فەرهەنگەیە، کە وشەکانی زمانێك بۆ زمانێکی تر یان چەند زمانێك بنوسرێ

٣- فەرهەنگی بابەت: ئەو فەرهەنگەیە وشەکانی زمان بە پێی بابەت وبوار جیادەکاتەوە، وشەکانی بواری ڕووەك لە وشەی بواری گیاندارو وشەی بواری بالندە جیادەکاتەوە، ئینجا دەیانووسێت.

٤- فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی: ئەو فەرهەنگەیە کە بنچینەی وشەکان جیا بکاتەوە، کامە بنەڕەتە و کامە نابنەڕەتە لە زمانی ترەوە وەرگیراوە.

٥- فەرهەنگی مێژوویی: ئەو فەرهەنگەیە گرنگی بە گۆڕانی وشەکان دەدات، لەگەڵ ئەو قوناغانەی پییایدا تێپەڕبوون.

٦- فەرهەنگی پسپۆری: ئەو فەرهەگەیە تایبەتە بە وشەو زاراوەی پسپۆری تایبەت، وەك :دادوەری، پزیشکی، وەرزشی.....هتد.

٧- فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیا: سەرچاوەی گەنجینەیە، لەڕێگای ئەم فەرهەنگەوە دەتوانین شارەزایەکی گشتی وەربگرین لە ماوەیەکی کەمدا.(وانەی بەکالۆریۆس: قۆناغی سێیەم:٢٠١٩-٢٠٢٠)

لەم سەردەمەی ئێستاشدا بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە جۆرێکی تری فەرهەنگ هاتووەتە ئاراوە ، کە فەرهەنگی ئەلکترۆنییە (پراکتیکی) کە لە ڕێگەی ئامێرەکانی مۆبایل و کۆمپیوتەرەوە بەکاردێت.

## ٢/ ٢-٢) بنەماو تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی ئەکادیمی:

لە کاری فەرهەنگنووسیدا دەبێت ئەم بنەماو پێکهاتانە بنوسرێت:

(پێشەکی فەرهەنگ، دەروازەکانی فەرهەنگ، ڕیزکردن و ڕێکخستنی دەروازەکان، زانیارییە سەرەکییەکانی ناو فەرهەنگ، پاشکۆکان.

تایبەتییەکانی فەرهەنگێکی باش و زانستی وەک (David Crystal) دیاریکردووە، ئەمانەن کە بە شێوەی پرسیار ئەو تایبەتمەندییانەی وروژاندووە، بۆ ئەوەش خوێنەر کاتێک، کە دەچێت فەرهەنگێک بکڕێ، کۆمەڵێک پرسیار لە خۆی دەکات، کە ئەو پرسیارانەش دەبنە دەرخستنی تایبەتمەندیی فەرهەنگ، کە ئەمانەن:

- ئایا جۆرو کوالیتی کاغەزەکە باشە؟
- ئایا واتای ئەو وشانەی تێدایە، کە بیری لێ دەکەینەوە، لە مێشکماندایە؟
- ئایا هەندێ ڕووداوی مێژوویی جیهانی تێدایە و لە خۆ دەگرێت؟
- ئایا فەرهەنگ زانیاری گشتگیریی تێدایە؟
- ئایا ئەو ڕاڤەو پێناسانەی لە فەرهەنگ هەیە وردو ڕوونن؟

- ئایا فەرهەنگ نموونە و بەڵگە پێشکەشدەکات لە بارەی ڕوونکردنەوەی وشەکانەوە؟
- ئایا فەرهەنگ بایەخ بە گۆکردنی وشەکان دەدات؟
- ئایا فەرهەنگ زانیاری پراگماتیکی پێشکەش دەکات؟
- ئایا فەرهەنگ ئاماژە بە وشەی هاوبێژی و فرەواتایی و.......هتد، یان پەند و ئیدیۆم بەکاردێنێ؟
- ئایا فەرهەنگ زانیاری لەبارەی وشەسازی و ڕستەسازی و دەنگسازی و واتاسازییەوە تێدایە؟ (شەهاب شێخ تەیب : ٢٠٢٣: ٢٧)

واتە لە فەرهەنگدا پێشەکی و دەروازە زانیارییەکان و ڕێکخستن و پاشکۆکان وەک بنەمای فەرهەنگ پێویستە، هەروەها لە تایبەتمەندییەکانیشدا دەروازە زانیارییەکان بدرێت، لەگەڵ نموونەو بەڵگە بۆ وشەکان، گۆکردنی وشەکان، زانیاری ورد لەسەر وشەکان.

کەواتە "زانستی فەرهەنگنووسی، وەک هەموو زانستەکانی تر، لایەنی تیۆری و پراکتیکی هەیە، کاری فەرهەنگ لە ڕووی تیۆرییەوە بریتییە لە دیاریکردنی لێماو دەروازەی زانیاری هەر لێمایەک، بەم پێیە لێما بریتییە لەو هێما زمانییانەی بە پێی پەیڕەوی (أ، ب، ت،........)و یاساو ڕێسای زانستی فەرهەنگنووسی لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێن." ( حسین، شیلان عومەر:٢٠٠٩: ١٢٨)، واتە لە زانستی فەرهەنگنووسی پێویستە لێما دیارییکرێت، دەروازە زانیارییەکانی (فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس، ........) لێماکان بدرێت، بە پێی ریزبەندی پیتەکان لە فەرهەنگدا بنوسرێن.

ئەگەر فەرهەنگی ئەکادیمی کوردی بنوسرێتەوە بە پێی ریزبەندی پیتەکان، لە پیتی /-ن/ دا بمانەوێت وشەی (نان) تۆمار بکەین، بەم شێوەی لای خوارەوە دەخرێتە ڕوو.

- نان : خواردنێکە لە دانەوێڵە وەک گەنم وجۆ و گەنمەشامی.....هتد. لەماڵدا نانکەر(ژن)بە ساج دەیبرژێنێت و لە تاوەدا سوری دەکاتەوە، لە بازاردا نانەوا (پیاو) بە تەنوور دەیبرژێنێت.
- لە مۆرفۆلۆژیدا : نانبڕین، نان و ئاو بڕین، نانکردن، نانخواردن...

وشەی لێکدراو : نانوچا،نانوئاو، نانی ساجی، نانی هەورامی، نانی گەنم، نانی جۆ

- لە سینتاکسدا : نانی تەنوور دەبرژێت. نانی ساج دەبرژێت.

  لە ماڵەوە : نانی تیری، کولێرە، پەنجەکێش، ناوەشکێنە..

  لە بازار: کولێرە، لواشە، سەموون،ساج : کەلانە، نانی هەورامی، شلکێنە

  تاوە : ناوساجی، کولێچە، برمە، پاقلاوە.

- لە ڕووی واتاوە، هاوواتا: کولێرە، لەواشە، سەموون، شلکێنە، کەلانە،کولێرە بە ڕۆن، ناوساج.

(فەرهەنگ بەرامبەر هەر لێکسیمێک دەروازەیەکی زانیاری چڕو ورد تۆمارکراوە، وەک زانیاری فۆنۆلۆژی، چۆنیەتی گۆکردنی فۆنەتیکی، زانیاریی مۆرفۆلۆژی، زانیاری سینتاکسی، تایبەت بە بەرهەمهێنانی فرێزو رستەکان، زانیاری واتایی.

١-زانیاری فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی: لە زمانی کوردیدا شێوەی فۆنۆلۆژی و دەربڕینی فۆنەتیکی دەکرێت وەک ئەم نموونانەی خوارەوە بخرێتە ڕوو،،وەک (١،٢،٣،٤)

| فۆنۆلۆژی | دەربڕینی فۆنەتیکی (IPA) |
|---|---|
| ........................... | ........................................... |
| ١-پشدەر | \|پژدەر\| |
| ٢-هەشژدە | \|هەژدە\| |
| ٣-دەستگا | \|دەزگا\| |
| ٤-دەستگیران | \|دەزگیران\| |

٢-زانیاری مۆرفۆلۆژی: لە مۆرفۆلۆژیدا زانیاری لەسەر وشەکە سەر بە چ بەشە ئاخاوتنێکە و دیاریکردنی مۆرفێمەکانی سینتاکسی بێت یان وشەدارێژ، وەک (٥. ٦)

٥- کوڕ ← ناوە

-ەکە ← ناسراوییە، مۆرفێمی بەندی سینتاکسییە

٦- جوان ← ئاوەڵناوە

٣- زانیاری سینتاکسی : تایبەت بە بەرهەمهێنانی فرێز، لە فرێزدا چۆنیەتی پێکەوە بەستنی وشەکان و خستنەپاڵیەکیان. وەک (٧، ٨، ٩)

٧- کوری من ← بە مۆرفیمی |-ی| خستنەسەر

٨- خشکا تە ← بە مۆرفیمی |- ا| خستنەسەر

٩- کوڕێ وی ← بە مۆرفیمی |- ێ| خستنەسەر.

٤- زانیاری واتایی: دیاریکردنی پەیوەندییە واتاییەکان. وەک (١٠، ١١، ١٢، ١٣) لە (هاوواتا، دژەواتا، فرە واتا، هاوبێژ.....هتد.) (سازان زاهیر : چاوپێکەوتن سەعات ١١:٣٠، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، ٢٠٢٣/٨/١٥)

- هاوواتا : زاراوەیەکە، پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان و ئەو لێکسیکانەی هەمان واتا دەگەیەنن دەخاتە ڕوو. ( Crystal.D (2003:45)وەک:

١٠- جوان ← شۆخ

- دژواتا : دوو وشە واتاکانیان پێچەوانەبێ، یان "بریتییە لەو دوو وشە جیاوازەی، کە دوو واتای جیاوازیان هەیە." (عبدالواحد مشیر دزەیی: ٢٠١٠: ١١٦)، وەک:

11- ڕێک ← نارێک

- فرە واتا : وشەیەک چەند واتایەکی هەبێت، یان " وشەیەکە زیاتر لە واتایەکی هەیە، بەڵام واتاکانیان لە بنچەوە لە یەک نزیکن و بە یەک وشە لە فەرهەنگدا دەنوسرێن.) (هەمان سەرچاوەی پێشو: ١٠٥)، وەک:

12- آ/گەورە ← دەسەڵات

ب/گەورە ← قەبارە

پ/ گەورە ← تەمەن

- هاوبێژی : ئەو وشانەی هەمان فۆرمیان هەیە، یان "ئەو وشانەن، لە خوێندنەوە و نووسیندا وەکیەکن، بەڵام لە واتاو پەیدابوونیاندا جیاوازن." (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:١٥)، وەک :

13- خاڵ ← برای دایک، ← خاڵنوقتە. )

"فەرهەنگ زانیارییەکانی، وەک: ڕێکخستن، سیستەمی کار، جۆری دەربڕینی وشەکان، ڕێزمان، دارشتنی وشە، ڕوونکردنەوەی شێوە بنەڕەتیەکانی وشە وپەیدابوونیان لە خۆی دەگرێت، هەروەها تایبەتیەتی سینتاکسی وشەکان،ریزکردنی پیتەکان، کورتکردنەوەیان، دۆزینەوەی هاواتا و دژواتا لە فەرهەنگدا ڕوون بکرێتەوە، دەبێت فەرهەنگ بنەڕەتی وشەکان لێکبداتەوە و شێوە کۆنەکانی ڕوون بکاتەوە." (رەشید، جەمال : ٢٠٠١: ١٥١-١٥٢)، واتە لە فەرهەنگدا وشەکان بە پێی ئەبجەدی پیتەکان بوار ریز دەکرێن، واتاو جۆری دەربڕینیان پێکهاتەیان وپەیدابوونیان وتۆمارکردنی واتایان و هاوواتایان و دژواتایان دەنوسرێت.

"لە دەروازە فەرهەنگیە تاک زمانەکاندا، ئەو زانیاریەی کە دەیدەن زۆر کەمە، لەو ئاستەدا نییە کە کەڵک بە فێرخوازی زمان بگەیێنێ. بە کورتی ئەوەی بەسەرداچوونەوەیەکی خێرای فەرهەنگە کوردییەکان پیشانی دەدات، ئەوەیە دەروازەکانیان زۆر تەسکە، ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە:

1- فەرهەنگنووس کەڵک بە فێرخوازانی زمان بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی نازانن.
2- فەرهەنگنووسەکان بە زۆری شارەزا و پسپۆری بە سەلیقەن، بەڵام ئاگاداری زمانەوانی نین، کەم و زۆر کەڵکیان لەو شۆرش و گۆڕانە گەورەیە وەرنەگرتووە بەردەوام، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ بەردەوام بەرپایە "(فتاح، محمد معروف : ٢٠١٠: ٣٦٩- ٣٧٠)


فەرهەنگی ئەکادیمی (زانستی) ئەو فەرهەنگەیە کە زانیارییەکی تەواو لەسەر وشەکان دەدات کە کۆکراونەتەوە، لە لایەن کەسانی شارەزاو پسپۆری زمانی دەنوسرێتەوە، یان بە تیم کارەکە ئەنجام دەدرێت لە لایەن سەنتەرێک یان دەزگایەکەوە کارەکە جێبەجێ دەکرێت، لەرووی کاتەوە ماوەیەکی زۆر دەخایێنێت، تا وشەی سەرجەم زارو شێوە زارەکان کۆدەکرێتەوە و ڕێکدەخرێت بە پێی فیلْدە واتاییەکان، هەر لێکسیمێک لە ڕووی فۆنۆلۆژی و فۆنەتیک و مۆرفۆژۆژی و سینیاکس و پەیوەندییە واتاییەکانەوە پراگماتیک و ئیدیۆمەوە شی دەکرێتەوە. تاوەکو ئەوەی بە دوای زانیاری وشەکاندا دەگەڕێت بتوانێت زانیاری تەواوی دەست بکەوێت.

هەروەها لە فەرهەنگدا کێڵگەواتاییەکانی وشەکان دیاریدەکرێت، وەک، وشەی (گوڵ) کە هەموو جۆرەکانی گوڵ دەچنە ژێر رکێفی ئەم وشەوە (گوڵەباخ، مینا، گوڵە مێخەک، گوڵە بەیبوون،........هتد)

هەروەها دەکرێت میتافۆڕ و ئیدیمی وشەکان لە فەرهەنگدا بخرێتە ڕوو، سەبارەت بە میتافۆڕ محمد معروف فتاح دەڵێت " بریتییە لە تایبەتییەکانی زمانی و یاری کردنە بە سیما واتاییەکان، سڕینەوەی هەندێک و بەر ڕۆشنایی هەندێکی تر " (سازان رەزا :٢٠٠٥: ٤٨)، یان " وشە بۆ واتای دروستی خۆی بەکارنەبرێ، بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێ و مەبەشتێکی تر بگەیەنێ" (

عەزیز گەردی: ١٩٨٢: ٢٥)، واتا وشە بە واتای فەرهەنگی بەکار نەهێنرێت،بە واتایەکی تر بەکاربهێنرێت، یاری کردن بێت بە سیما واتاییەکان.

دەتوانرێت لە پێوەندی گشتی بە تایبەتەوە بۆ ( بوونەوەرە زیندووەکان) لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا بخرێتە ڕوو:




هێڵکاری ژمارە (١)

ئەم هێڵکاری لە کتێبی زمانەوانی (واتاسازی) لاپەڕە (١٥١) پەروین عوسمان مستەفا ) وە وەرگیراوە. مەبەستمان لەم هێڵکارییەی سەرەوە ئەوەیە، کە هەر یەکە لە وشەی ( ڕووەک، مرۆڤ، دار، ژن، پیاو) کاتێک لە فەرهەنگدا دەنوسرێنەوە کە پەیوەندی گشت بە تایبەتەوە دەیانگرێتەوە، دەبێت وردەکاری لەسەر وشەکان بدرێت.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەوە دەخرێتەڕوو کە فەرهەنگی ئەکادیمی بۆ زمانی کوردیی بنوسرێتەوە پێویستی بە دەزگایەکی ئەکادیمی و کەسانی پسپۆڕی تێدا دابمەزرێت، وشەی سەرجەم زارو شێوەزارەکانی تێدا بنوسرێت وردەکاری لەسەر وشەکان بدرێت،کە مەبەستمان لە دەروازە زانیارییەکانە، واتە هەر وشەیەک لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێت بەشە ئاخاوتنەکەی دیارییکرێت، دواتر چۆن دەخوێنرێتەوە، لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە پێکهاتەکەی بنوسرێت، لایەنی سینتاکسی

بخرێتە ڕوو، پاشان پەیوەندیە وایایەکان (هاوواتایی، دژواتایی، فرەواتایی، هاوبێژیی، لایەنی میتافۆرو ئیدیەم و پراگماتیکی بخرێتە ڕوو.

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1. نوسینەوەی فەرهەنگ بنەمایەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی هەر زمانێک لە دونیادا، فەرهەنگ ئاستی ڕۆشنیری ئەو نەتەوە دیاری دەکات.
2. دەکرێ فەرهەنگەکەی (شێخ محمدی خاڵ) بکرێت بە بنەمایەک بۆ نووسینەوەی فەرهەنگی زمانی کوردی، ئەو دەروازە زانیاریانە تیایدا باس نەکراوە وەک : مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، پراگماتیک....هتد. بۆ وشەکان بخرێتە ڕوو، کە پێشتر نەکراوە.
3. لە فەرهەنگەکەی خاڵدا نەتوانراوە وەک فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی و فارسی هەموو دەروازە زانیارییەکان بنوسرێت.
4. بەشێک لەو کارانەی لە فەرهەنگی ئەکادیمیدا پێویستە، وەک کۆکردنەوەو ریزبەندکردنی وشەکان و واتاکەیان لەم فەرهەنگی خاڵدا ئەنجام دراوە.
5. لە فەرهەنگی خاڵدا خزمەتێکی باشی بە لایەنی واتاسازی کردووە، کە ئاماژەی بە پەیوەندییە واتایەکان کردووە.

## ڕاسپاردەی پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

١-پێویستە هەریەکێک لە پسپۆڕان لەلای خۆیانەوە مەڵۆیەک بهاونە سەر خەرمانی زانایان، کە خەمخۆری فەرهەنکی زمانی کوردی بوون.

٢- بۆ نوسینەوەی فەرهەنگی زمانی کوردی بە واتا زانستییەکەی سەنتەرێکی فراوان و کەسانی پسپۆڕو بوجەیەکی باش دابین بکرێت، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە زمانەکەمان بکەین

**Nama w Twezhinawai Zanko:**

1.Taban Muhammad Saeed (2008), Gashasandn w Pukanawai Ganjinai wsha La Zmani Kurdida, Namai Mastar, Zankoi Slemani.

**Chapkrawakan:**

**A- Sarchawa ba Zmani Kurdi**

2.Crustal. D (2003) A Dictionary of Linguistics & phonetics, fifth Edition Oxford.

3. Jild Awal ktab Farhang dhkhda / Tahran(1377).

4. Muhammad Mahwi w Narmin Ahmad(2004), Modeli Rezmani Kurdi, Chapi Yakam, Slemani.

5. Abduljabar Mustafa Maruf(2020), Lekolinawa la farhang u sintaksi kurdi, Chapi Yakam, Chapkhanai Sara.
6. Muhazarati Mastar:dctor. faruq omer sdiq, Lekskografia:2013.
7. Muhammad Mahwi(2001), Rstasazi Kurdi, Chapi Yakam, Slemani.
8. Awrahmani Haji Marf(1975), Wshai Zmani Kurdi, Chapkhanai Kori zaniari kued, Baghda.
9. Shkofa Hseen Hamasalah(2021), Halsangandneki Zmanawani Ferhangnwwsy Kurdi, Chapi Yakam, Dazgai Chap u Pakhshi Narin.
10. Midia Murad(2021), Farhangnwsi, Chapi Yakam, Dazgay Chap w Pakhshi Narin.
11. Parwin Usman Mustafa(2009), Lekolinawaiaki Watasazeya(Wata w Wargeran), Chapi Yakam, Chapkhanai Rozhhalat, Hawler.
12. Shahab Shekh Taib(2023), Farhang u Zarawasazi, Zankoi Raparin, kolyzhi parwarda Qaladze.
13. Jamal Rashid(2001), Qamus, Nusari Nue(19), 151-152.
14. Muhammad Maruf Fatah(2010), Lekolinawa Znawaneyakan, Kokrdnawa u Amadakrdni Sherwan Hseen Khoshnaw w Sherwan Mirza Qadr.
15. Sazan Raza Muaeen(2005), Wata w Daurwbar, Lekolinawaiaki Pragmatikeya, Namai Mastar, Kolezhi Parwrda, bo zansta Mrovaiateyakan. Zankoy salahedyn.
16. Aziz Gardi(1982), Rawanbezhi La Zmani Kurdida, Bargi Yakam, Chapkhanai (Dral Jahdh), Baghdad.
17. Shekh Muhammadi Khal(Anabi, Nasraldin Tofiq(2023), Namai Mastar, (Hawla Zansti u Runakbiry u Bangawazakany), Chapi Yakam.
18. Khald Muhammad khal, Govari Rovar, Jmara (29), (2004).
19. Faruq Umar Sadeeq, Govari Galawezhi nwe,(2012).
20. Shekh Muhammadi Khal, Farhangi Khal(2017), Chapkhanai Rozhhalat, Hawler.
21. Sharafkandi Abdulrahman, Farhangi Hambanaborina(1376), Markaz Pakhsh, Mujtama Fargangi Srwsh, Tahran.
22. SHekh Muhammadi khal, Farhangi Khal(1960).
23.Sharafkandi Abdulrahman, Farhangi Hambanaborina(1376), Markaz Pakhsh, Mujtama Fargangi Srwsh, Tahran.
24.Rozhan nury abdula, (2013), Chpy duwem, blaukrawey Ciwar Cira.
25. wanhy bihkalorys, qonaghy sehm , 2019-2020, zankoy silemany.

**Sarchawa ba Zmani Farsi:**

26.Jldy Awel , Ktabi Farhang Dhxuda, Taran, 1377

**Rozhnama:**

Kurdistani Nwe(2023), Zhmara, 8978, L11.

**Saita Alectroniakan:**

1-https://informationroom.blogsky
2- "https://www-Britannica-com.translate.goog/topic/dictionary
3-https://www-rd-com.translate.goog/list/fascinating-dictionaryfacts/?_x_tr_sl=en&_x_tr_tl=ckb&_x_tr_hl=en&_x_tr_pto=wapp